ئەسماء الله وأفعاله (١٧)

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الأنسان لفي خسر،الا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر).

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

ئەگەر خوا تەوفیق بدا، دەرسی حەفتەی پێشترێ دەرسی ئەوەی بوو ئەنگۆ سوئال لە من بکەن بەنیسبەت دەرس، بەنیسبەت ماددەی مەطڕوح لە دروسەکانی (أسماء الله وأفعاله)، ناو و کردارە پیرۆزەکانی باری تەعالا، ئەگەر ئیذن هەبی ئەمنیش ئەوڕۆ، ببمە سائیل سوئال بکەم، ئەگەر ئیذن هەبی طەبعەن، ئەنگۆش جوابم بدەنەوە، سوئالەکانیش پاشی موقەددیمەك موبەسەط، تیکراریيە لە مەوضوع ئەویش ئەوەیە بەمن ئەمە لەو دائیرە لەو بازنە لەو حەلەقە موفریغە دەربچین، ئەمەی گەنج، کە کیتابەك دەگرینە دەستمان، کأنە وەکو ڕیوایەك، وەکو کیتابە ثەقافیەکان، کیتابی تەربەوی جوملەك مەعلومات لە مێشکمان دروست بکا، ئەو جوملە مەعلوماتانە مێشکمان واسیع بکا، لە ئەثنای قسەکردن یاخود موجادەلە.. موناقەشە، کەمەك لە مەعلوماتمان هەیە بتانین موناقەشەی پێ بکەین، موجادەلەی پێبکەین، بە قەناعەتم هەموو گەیشتینە ئەو حالەتەی کە ئەو دروسانە ئەوە هەدەفی نییە وە ئەوە مەقصەدی نییە، بە من ئەوجا ئایا فیعلەن ئەو حەقیقەتە چەندی تەحصیل بووە لە داخیل؟ مەعلومی هەموومانە پێشتریش بەحسمان کردیە، زەمەن دەوری هەیە کات دەوری هەیە لە دروستکردن، باری تەعالا قانونی هەیە، نیظامی هەیە ناوی نایە سوننە، زەمان جوزئەکی ڕەئیسیە لەو قانونانە، باری تەعالا هیچ شتەك بە ئوتۆماتیکی بە فوجائی لە وجود دروست نەکردیە، هەمووی بە زەمەن بە تەرتیب لە سفرەوە دەستی پێکردیە، هەتا گەیاندیتیە ئا ئەو حالەتەی کە خۆی پێی دەوێ، عیلمەن ئیمکانیەتی ئەوەشی هەبووە(إِذَا أَرَادَ شَيْئاً أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ) (يس ٨٢) ئەمما هەر لەخەلقی عارد و ئاسمان و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان و زەمەنی تێدا مەوجوودە، فولان شتی خەلق کردیە بەدوو ڕۆژ، فولان شتی خەلق کردیە بە چار ڕۆژ، ئا ئەوە هەمووی ئەو زەمانە جوزئەك ڕەئیسیە لە سوننەتی خوای (جل جلاله)، ئەو سوننەتەشی تەحویل کردییە لەسەر مەخلوقاتەکان هەموو مەخلوقەك وجودی خیلقەتی تەکوینی گەشە و نمای بە زەمەن دادەڕوا، لە سفرەوە دەست پێدەکا هەتا دەگاتە مەرحەلەی نضوجی، پێگەیشتنی تەواو تەکمیلەبوونی، ئەوە قانونی خوایە لە سەرەخۆشی کردیتیە قانون سونەت، وە فەرموویتی: (فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلاً وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ

تَحْوِيلاً) (فاطر٤٣)، تەغیرو تەحریفی تێدا نییە، عەینی قانونیشی دانایە لە بۆ ناسینی خۆی، ئیذەن هەر نەفەرەك لە سەر جادەی مزگەفت لە سەر جادەیە لە سەر جادەی بە هەر وەسیلەك بە وەسائیل هاتە ناو مزگەفت، دەستی بە نوێژکرد دەستی بە کیتاب خیندن کرد، دەستی بە ڕۆژی گرتن کرد، ئۆتوماتیکییەن بەو موفاجیئییەتەی کە هاتە ناو مزگەفت، بە قیچەك خیندنی قورئان بە قیچەك وەرگرتنی دروس، لە ظەرفی سێ چار مانگ، ئایا نوضجی ئیمانیی یان ئەو حالەتە ئیما نییەی کە جوملەی صەحابەی کیرام رضوان الله علیهم، تێیاندا لە ناو داخلیاندا دروستبووە، بەو زەمەنە زۆرەی کە عەهدی مەککی فەترەی مەککی (١٣) سێزدە ساڵ بووە، فەترەی مەدەنی (١٠) دە ساڵ بووە، ئۆتوماتیکییەن ئەو گەنجە لە ظەرفی سێ مانگ دەتانی بگاتە مستەوای موصعەبەك، کە رسول الله مامۆستای بی، پاشان ئەو گەنجە جورئەت لە خۆی ببینی بێ ڕەفع و کەبس بکا لە بۆ جذوری ئەو ئوممەتە، بە ریجالی بە طروحاتی، ئەگەر ئەوە سوننەتی خوای بی لە بۆ خۆی کە لە دروستکردنی هەموو مەخلوقاتی زەمەن جوزئەکی ڕەئیسی بی، وە ئەوەشی تەحویلکردبی لە بۆ مەخلوقات، دیسان زەمەن دروستکردنی مەخلوقات هەر بە ئینسان هەر بە نەبات هەر بە جەمادات، جەماد بەردە ڕۆژە هەمووی لە ئەثنای خەلقکردنی زەمان هەبی، کو لە بۆ ئیمان دروستکردن زەمان نییە، ئەصلی ئیمانەکانیش ناسینی خۆیتی (جل جلالە)، دەبی بە ئوتوماتیکییەت ئەمە کە هاتینە ناو مزگەفت هەر کە هاتین لاقمان لە ناو مزگەفت دانا سێ چار دەرسمان وەرگرت، پێنج شەش کیتابمان خیند، دە پازدە سوڕەتمان لە بەرکرد، وەکی عەممارمان لێدێ؟ یان وەکی عەممارمان لێ هاتیە؟ ئەوە سوئالەکەیە جەوابەکەی ئایا کو دەگەینە ئەو مستەوایە ئەمە؟ ئەوە موهیمە.. پێمان دەکرێ ئەمەش بگەینە ئەو مستەوایە؟ چ خەریتەك مایە پاشی عەممار و موصعەب کە ئەوانی گەیاندە ئەو مستەوایە، ئەو خەریتە ئەمەش بڵند بکا لە بۆ ئەو مستەوایە؟ لە جواب بەلێ، ئەو خوایەی کە خۆی بەوانە ناساند مایە (جل جلالە)، وە ئەو قورئانەی کە ئەوانی دروستکرد مایە، قورئان عەقیم نییە قورئان نەزۆك نییە، ئەگەر ئەوان بوون (کذوات) (کأشخاص) قورئان تانی ئەو هایان لێ بکا، ئەگەر ئەمەش ببین وفقی مەطلوباتی قورئانیی، قورئان دەتانی وەکی وانمان لێ بکا، واضحە؟ ئەگەر ئەمە ببین، ئەوان هەبوون قورئان دروستیانی کرد گەیاندییە ئەو مستەوایەی، تانیان لە فەترەك زەمەنی مەحدود خودا (جل جلالە) لە سەبعی سەماوات ئەمر بکا ئەمن لەنگۆ ڕازیمە، باری تەعالا لە خوایەتی خۆی تەنازولی نەکردیە، نەفسی خوایە و مەوجوودە قورئانیش نەفسی قورئانە، ئیذەن نە خوا نە قورئان خەلەلی تێدا نییە، خەلەل لە مەیە، ئەمە وەتێدەگەین کە چووینە خزمەت قورئان سوڕەتی فاتیحەمان کردەوە، مانگێ جارەك قورئانمان خەتم کرد وەکی موصعەبمان لێدێ، بەرێ ئا ئەو نەظڕە و ئەو

تەصەوورە پێویستی بە موڕاجەعە و چاککردن هەیە، لۆیە بەحسی زەمەن دەکەم فیعلەن دەبی زەمان هەبی ئەمە خۆمانی پێوە ڕەبط کەین، لۆوەی ئا ئەو زەمانە ببتە جوزئەك لە عیلاجی داخیلمان.

نوقطەی دووەم: گوتمان ئەوە (کلام الله)ە[ وتار بێژ هێما بۆ قورئان دەکات]، (الله)یش مەوجودە بە هەموو ئەسماء و ئەفعالە پیرۆزەکانی خۆی، کە ئەوە (کلام الله)ە و ئەمە لە خزمەتینە هەموومان، ئائەو حالەتەی کە موصعەب و عەممار بە زەمەن تەکوینی کرد، ئەگەر ناوی لێبنێین تەمرین کردن جوهد صەڕف کردن لە سەر خۆی، ذاتەکە ئەگەر موصعەبە ئەگەر ئەبابەکرە ئەگەر خەدیجەیە رضوان الله علیهم جمیعا، ئەگەر ئەوان ئەو جوهدە و جیهادەی لەگەل خۆیان صەڕف کرد ناوی لێ بنێین تەمرین، ئایا ئەمەش بە نەفسی تەرتیب و تەمرین داچووین بە نەفسی حالەتدا چووین، ئایا شخوص و ڕیجالی وەکو وانمان لێدروست دەبی یان نا؟ لە جەواب ئەگەر بلێین نەء، یەعنی قورئان فاعیلییەتی نەمایە، قورئان وەکو ئێستا کو لەسەر قەبرستانەکان دەخیندرێ کو لە ناو تازیان دەخیندرێ، کو بەس لەسەر مێزی حاکمی داندرایە سوندی پێ دەخورێ، دەبی لە ناو مێشکی مەش هەر ئەوەندەبی، فیعلەن دەبێ برێین ئەو قورئانە حەیەویەتی نەمایە، فاعیلییەتی نەمایە، وەکو دەرمانی صەیدەلیە ئیکس پایەر بووە؟ عیلمەن والعیاذ بالله، قەناعەتتان هەبی قورئان نەفسی قورئانە نەفسی مەعمەلە ئەگەر ماددەی ئەوەلی هەبی، نەفسی شەخص دروست دەکا ئەگەر ماددەی ئەوەلی هەبی، ئیستیعداد هەبی لە داخیل، نەفسی ڕیجال دروست دەکا با لە جیاتی ناوی موصعەبی، کاوە بی، کامەران بی، سەفین بی.

ئیذەن تەمرین کردن حەللـە لە ناو تەمرینەکەش زەمەنی دەوێ، نازدارەك کە ئیصطیفا کرایە ئیجتیبا کرایە وەکو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، هەموو کتوبی قەدیم و کتوبی سەماوی بە طەهارەت و بە خاوێنی و بە نەزاکەتی تەعریفی دەکا، باری تەعالا لە دووەمین سوڕەت دووەمین ئایەت بەحسی خولوقی دەکا بە ڕەحمەت، ئەوجا سوڕەتی دووەم سوڕەتی سێیەم کە دادەبەزی ئەمری پێدەکا ساڵی ڕەبەق بە شەو تەمرین بکا، ساڵەکی کامیل بە شەو تەمرین بکا، لۆوەی بە حەقیقەت خوا بناسی، ئەو ئەبو بەکرەی زۆرجار بەحسی دەکەین (٢٥) بیست و پێنج ساڵ لە بن ئا ئەو ڕۆژەی کە ئیستا ئەمە دەیبینین مولاحەظەی دەکەین، بیست و پێنج ساڵ مومارەسەی هەبوو لە بن ئەو ڕۆژەی، بە شەش مانگ لە مەککە دەردەچوو ئەوجە دەگەیشتە حەلەب، بە دوو مانگ و قسور لە مەککە دەردەچوو ئەوجە دەگەیشتە عەدەن و صەنعای ئێستا، ئائەو ڕۆژە بە هاوین سووتاندبووی لە من و لە نگۆ زیاتر زۆر ئەو ڕۆژەی دیتبوو، لە هەمووشمان زیاتر زۆر مەعریفەی هەبوو بە ئەستێرەکانی ئاسمان،

چونكی به واسطەی ئەستێرەكان شەو حەرەكەتی دەكرد، قەناعەتی هەبوو ئەو ئەستێرەیەی كە ئەو ئیعتیمادی لە سەر دەكا كە رب العالمين لە قورئان فەرموویەتی (وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ (النحل١٦)، یەك ئەنگسترۆم لە جێی خۆی حەرەكە بكا ئەو بزر دەبی لە ناو صەحراء، ئەوجە كو چاوی مە لێراهاتبوو لەو ڕۆژەی لەو مانگەی لەو مەخلوقاتانەی ئەوها ئەویش چاوی لێراهاتبوو.كەینێ باری تەعالا لەسەر رسول الله محمد دايبەزاند (إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ) (التكوير١)، (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا) (الشمس ١)پەردەی پێش چاوی كە طەبیعەت و كە بیئە و كە كوفر و كە واقعییەت دروستی كردبوو پەردەكەی لادا، بەچاوەكی تازە تەماشای شەمسی دە كرد، بە چاوەكی تازە تەماشای نجومی دەكرد، بە چاوەكی تازە تەماشای شەجەری دەكرد، (وَالنَّجْمُ وَالشَّجَرُ يَسْجُدَانِ) (الرحمن٦) بە چاوەكی تازە تەماشای ئیبلی دەكرد، كە حەیاتی هەمووی لەگەر حوشتر بردیتە سەر، ئائەو نەظەرە ئەو تەدەبوورە، ئەو تەفەكورە زەمەنی دەوێ، وە جوهدی دەوێ ئەو زەمەن و جوهدیە لەگەل داخیلی خۆی، ئەو ذەواتانەی دروستكردیە، خۆ پێشی دەكرا ئەبوبەكر، پێشی وی بە چەند سەد ساڵەك ئەفلاطون و ئەرخەمێدس و گالیلۆ و ئەوانە كیتاباتیان هەبوو خۆ، كیتاباتی فیزیائیيە فەلسەفیە، دەیتانی ئەو كیتاباتانە ئیستیفادەی لێ بكا، قیرائەشی هەبوو خیندن و نووسین و كیتابە، ئەمما لەگەر وەی بە چاو و بە گێ، بە سەمع و بەصەر قیرائەی مەخلوقاتی خوای كرد، شەو (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً) (المزّمّل٢) لۆوەی فیعلەن عەن طەریقی مەخلوقات خالیق بناسی، حەتتا خالیق بە فیعلی خەلق نەناسی ناتانی ئەسماء و ئەفعالی دیكەی لە سەر بینا بكا. تازە بەحسی ئەوەمان كرد جوزئەك لە ئیشی خوای كە بە قانون ئیش دەكا، جوزئەك لە صفر دەست پێدەكا، لە گچكەوە دەست پێدەكا لە بنڕا دەست پێدەكا، مەعلومتانە وەكو كوردەواری خۆمان دەرێ هەتا خوا چیا نەبینی بەفری ناوێتێ، هەتا بەو نەوعەی ذات لە داخیل نەبی ئیستیعداد لە داخیل دروست نەكا، تەمرینی لە سەر نەكا، خوداش هیدایەت نادا، ئەها لە مەفهومی (يُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ)(المدثر٣١)، لە ظەرفی (١٣) سێزدە ساڵی ڕەبەق سێزدە ساڵ، هەر ساڵەك (١٢) دوازدە مانگی تێدایە، هەر مانگەك چار حەفتەیە، هەر حەفتەك حەفت ڕۆژە، هە ڕۆژەك بیست و چار سەعاتە، سێزدە ساڵ بەو زەمەنەی بەو دەقیقە و چركەیەی، حەفتا پیاوی پێك هینا، كێش؟ رسول الله محمد (صلى الله عليه وسلم)، كە هەموو ئاسمان جنودە لەبن دەستی هەموو مەلائیكەتەكان، هەموو عارد موسەخەرە لەبن دەستی، خۆی موشریفە خۆی موهەندیسە، بەینی عارد و ئاسمان وەسیطە، ئەوجە (١٣) سێزدە ساڵ بەو هەموو زەمەنەی حەفتا نەفەری تەكوین كرد، دەبی چ جوهدەكی صەرف كردبی لەگەل داخیلی خۆی و لەگەل داخیلی وانەش، وە ئەوانەش لەگەر داخیلی خۆیان چ جوهدیان صەرف كردبی؟ ئیذەن قەضیە بەس ڕدێن بەجێهێشتن نەبوو، كو مصعب و عەمار ڕدێنیان هەبوو، أبو لەهەبیش ئەوها ڕدێنی هەبوو، كو ئەو

دیشداشەی لەبەر دەکرد ئەویش ئەوها دیشداشەی لەبەر دەکرد، قەضیە ظاهیرەکە نەبوو، داخیلە، مەوضوع ژوورێیە، ئیذەن وفقی ئەو قانونیەتەی، وفقی ئەو نیظامە کە باری تەعالا داینایە، ئەو حەفتا نەفەرە مەشغولی خۆیانن بە شەو بە ڕۆژیش، هەموو کتوبی سیرە وە هەموو موفەسیرین کە دێن بەحسی مەرحەلەی یەکەمی فەترەی مەککی دەکەن بەحسی دار الارقم دەکەن، غورفەك شەش مەتر بە حەفت مەتر مورەبەع، سی نەفەر بەچینچك دانیشتیە یەك لە تەنیشت یەك، بەس وەکی شانەی مێشەنگینی گزەگزیان دێ فەقەط، ئەوەی لە قورئانیش دابەزیبی دە سورەتە بەس، ئەو هەموو قورئانە هیچ یەك نەهاتتە خوارێ بەس دە سوڕەتی نەبی، دە سوڕەت خۆ ڕۆژێ هەزار جار تیکراری ناکا، دەبی چی کردبی وە نییە؟ دە سوڕەت سێ سالی کامیل دە سوڕەت پێوەی خەریك دەبی.

ئیذەن قەضیە بەس ئیملائی ذهن نییە، شعر خیندنەوە و شعر لە بەرکردن نییە، دەکرێ ئەو مێشکە ببتە کاسێت هەموو قورئانی تێدا طەبع بکرێ، ئەمما مەنشاوی و عبدالباسط لەوی خۆشتر دەخینی بە صەوت، مەوضوع ئەوەیە فیعلەن ئەو دە سوڕەتە لەو مێشکەی کو تەحویل دەکرێ لەبۆ داخیل؟ لۆوەی ئیمانی پێ بینی، ئیمان نەك تەصدیق، حەتمەن زەمەنی ویستیە، حەتمەن تەمرینی ویستییە، وەکو ئەو لاعیبەی دوو سێ دەرس پێشی ئێستا بەحسمان کرد، هەموومان دەتانین ببینە لاعیب، هەموومان دەتانین ببینە ڕەباع ئاسن هەڵگر، هەموومان پێمان دەکرێ، وەکو ئەو بەطەلە عالەمیانەی کە ئێستا مەوجوودن، هەموومان باری تەعالا ئەوطاقەیەی داینێ، ئەمما ئەو تەمرینی کردیە گەیشتە ئەو مستەوایەی فیعلەن بە دوو دەستان دوو فەردە شەکر هەڵگری دووسەد کیلۆ، ئەمما ئەمن و ئەتو چونکی تەمرینمان نەکردییە بیست و پێنج کیلۆمان پێ هەرناگیرێ، تەمرینکردنە قەضیە.

باری تەعالا ئەو داخیلەی کە دایتە أبوبکر و علي و عبدالرحمن کوڕی عەوف، نەفسی داخیلە دایتیە مەش، ئەمما ئەو تانی تەوظیفی بکا حوسنی ئیستیفادەی لێ بکا، ئەمە تەقصیریمان هەیە تێیدا، فە لۆیە هەتا دیسان ئەو تەمرینە نەیەتە جێ، ئەو جوهدە صەڕف نەکرێ لەگەل داخیل، ئەو داخیلە تەعدیل نەکرێ، ئەعمالی غالیبیمان تەمثیلیە شکلە، حەتا ئەو حالەتە ئەو تەمرینە دەبتە مەلەکە لە داخیل، قەناعەتتان هەبی کو ئینسان هەنگوینی دەخوا شیرینی لە سەر زمانی حسی پێ دەکا، لەذەتی لێ وەردەگری طەعمی هەیە، کو تێر ببی حس دەکا تێرە، نیشانەکانی برسیاتی لێی بەدوورکەت، قەناعەتتان هەبی (مەعرفة الله) بە ئەسماء و ئەفعالەکانی ئائەوها ئەعڕاضی هەیە، نیشانەی هەیە لە داخیل، ئینسانیش ئەوها لە خاریج حسی پێ دەکا، بە تەجروبە.

وەی لێدێ ئەو ذاتە بەبێ ئەوەی مەرحەلەك لە مەڕاحل بەحس دەكەم بەبێ ئەوەی (بالله) بلێ (لا الە الا الله) بلێ بەبێ ئەوەی، حالەتەكی هەیە هەموو وەقتەك ئیحساس دەكا كە حەڕەكە دەكا، باری تەعالا (ولله مثل الاعلی) لەگەریتی، هەموو وەقتەك كە هەر دەستی لەخەو حس دەكا باری تەعالا (ینظر الیە یراه یسمعە)، عیلاقەك صەمیمی بەینی خۆی و بەینی باری تەعالا، بلا تشبیهـ وەكو برادەراتییەك حەز دەكا ڕازی كا لە خۆی، حەز دەكا نزیك ببی لێی، دەزانی باری تەعالا لەوی نزیكە، ئەمما ئەو لە باری تەعالا دوورە، حەز دەكا لە خوای نزیك بی حەز دەكا بە ئەمری بكا.

عیلمەن قەضیەی جەننەت و جەهەننەم جارێ ئەرضیەی نییە لە ناو داخیلی، جارێ تەواو لە ناو داخیلی جەننەت و جەهەننەم وجودی نییە، حەز دەكا كو برادەرەك دەعوەت بكا لە ماڵی خۆشترین خواردنی بداتێ، خۆشترین ریعایەتی بكا قائیم بی بە واجبی ضیافەت، شەوق و ذەوقەك لە داخیلی لە بۆ باری تەعالا (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق١٤) بە هەموو قەناعەتەك تەطبیقی دەكا لە داخلیش ذكر ناكا، ئەمما ئیحساسەك دروست دەبی كە باری تەعالا عینایەتی هەیە لەگەری، ریعایەتی هەیە لەگەری، ئەوەش بە طولی تەمرین بە ئیستیعداد دروستكردن لە داخیل هەتا دەبتە مەلەكە، كە دێ تەعامول دەكا لەگەر عیبادات، ئەوە نوێژە ئەوە ڕۆژییە ئەوە كڕین و فرۆشتنە، ئەوە خیندن و خیندنەوەی مەكتەبێیە، هەموو تەحتە ئەو ریعایەتەیە، ئیحساسی موتەكاملی پێدەكا، لۆیە باری تەعالا لە فەترەك لە فەتەڕات، دەفەرمی (أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ) (الشرح١) باوەڕ بكەن هەموو كەون بە هەموو زێڕو زیو و سوپەڕات و مەناصیب و حكومات و ئەوانە هەمووی تاپۆ بكەن لە سەرت، یەك لەحظە ئەو ئینشیڕاحە تەسلیمت كەن، قەت موقایەسەی پێ ناكەی.. قەت موقایەسەی پێ ناكەی، هەموو وجوود لە سەرت تاپۆ كەن بەس یەك لەحظە ئەو ئینشیڕاحە بدرێتە ئەو ئینسانە، (وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ* الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ) (الشرح ٢،٣) ئەوە بەس لە بۆ پێغەمبەری نییە ها، لە بۆ هەموو ئوممەی ئیسلامیە، منە الی أبابكر والی آخر إنسان لە سەر وجوود، ئەوجە هەتا ئەو تەمرینە نەكرێ لە داخیل، هەتا ئەو جوهدە صەڕف نەكرێ، بەمن وەكی چكە چكی تەزبیحەكەیە لە دائیرەكی موغلەق فەڕاغ دەسوڕێین.

بەعضە ئەحاسیس یان بلێین صەدای دەنگ لەو برایانەی كە لە خزمەتیانین لێرە لە دەرس، ئەوەی دەگاتەوە من بەحسی ئەوەی دەكەن كە داخیلیان هیشكە، یەعنی قەدیمەن كو دەهات نوێژی دەكرد، كو ڕۆژی دەگرت، ئێستاش چی فەرق نەكردیە، لە ئەثنای تەحلیل ئەگەر بێ موڕاجەعەی خۆی بكا، ئەمنیش ئەگەر موڕاجەعەی خۆم بكەم، وەكو گوتمان ئەوە قانونە یەك زائید یەك لەناو وەی دەكا

دوو، ئەگەر لە کنە منیش بکا سێ ئەمن غەلەتم ئەوە تەواوە، راست دەکا ئەوە صادیقە، ئەوە حەقە ئەگەر بێ فیعلەن معرفة الله بە خیندن بی. پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) خیندن و خیندنەوەی نەبوو، نەیدەزانی بخینی ئوممی بوو، ئیذەن ئەوەی لەمەش مەطلوبە کو لەوی مەطلوب بوو (إقرأ)، کیتابەك گرتنە دەست نییە، کیتابەکی طوببی کیتابەکی فیکریی کیتابەکی ثەقافیی کیتابەکی مەخلوقاتی نەء، دەبی ئەمە خۆمان عەن طەریقی چاو و گێ بە مێشك ئەو کەونەی بخینین بە ساعات، مەثەلەن گورەك گوڵ لە پێش چاوی خۆی دابنێ، نیو سەعات پێوەی مەشغول بی، ئەو ڕەنگە ئەو بۆنە ئەو هەندەسەیە ئا ئەو شکلە نادیرە جوانە، ئەو صورەتە پەلکەکە کذلك ئائەوە قیرائەکردنە لە سەری دابنیشی نیو سەعات سەعاتەك، ئەوە (أَفَلَا يَنظُرُونَ)(الغاشية١٧)، (فَلْيَنظُرِ)(عبس٢٤)، ئا ئەوەیە کە ئەو حالەتەی کرد لە داخیل، ئەوجە جوملەك شعور دروست دەبی، بەرامبەر ئائەو مەخلوقە گچکەیە، ئەوەیە بە واسطەی وەی خوای وەی دەناسی، (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) (العلق١) ئەو وەختی دروست دەبی، هەرچی قیطعەك لە مەخلوقات بگری قیرائەی بکا لەسەری دابنیشی ئا ئەوەی دەکرد پێغەمبەری نازدار (صلى الله عليه وسلم)، (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً) (المزّمّل٢) دوو سورەت هاتتە خوارێ، یەعنی لە شەوێ هەتا سبەینێ ملیۆن جار تیکرارێ کاتەوە، موحتەمەلە مەلەل بیگری، ماذا يقرأ؟ فەلۆیە ئەوە هەمووی تەمرینە، ئەمە داخیلمان وێرانە، داخیلمان فەوتایە، داخیلمان ئیعادەت بینای دەوێ، سەر لە نوێ دروستکردنی دەوێ، با هەرچی مەوجووداتە بتانی فیعلەن لەحضەك ئیمانی نەوعی لە بۆ داخیلمان دروست بکا، خۆزگە ئیمان دەرزی بایە، خۆزگە ئیمان حەب بایە لە خەستەخانە و لە دەرمانخانەکان هەبایە، وەکی کیتاب کو دەچین لە کیتاب مەکتەبە سەحب دەکەین، چاو و گێی خۆمانی پێوە ئیشباع دەکەین، خۆزگە ئیمانیش ئەوها بایە، عەن طەریقی حەب و شریقە وەرمان گرتبا، ئەمما ئەوها نییە، وەکو کابرای ریاضی دەبی تەمرین لەسەر ئا ئەو مەخلوقەی بکا، جوهدی لە سەر صەرف کا، فکری لە سەر ئیجماع بکا.

بەلێ برای دیکە دەلێ فکرم زۆر دەڕوا راست دەکەی، چونکی قیمەی صیراعە لەگەل شەیطان، شەیطان بە سی و یەك طەریقە لەگەل توو لە صیراع دایە لە قورئان، ئەو قیممەیتی، زۆرجاریش ئەگەر تەصویری خەیالاتی شەیطان لۆ خۆتان بکەن لە ئەثنای قیرائەکردن شەرت نییە بەشتی خراپ بێ، حادیثەکت دەینتە فکری، پێشی پازدە ساڵ لە بۆ تو بووە، پێشی دە ساڵان سەرکم شکایە ئەمن، لە ئەثنای قیرائەکردن لەو وەختەی ئەو حادیثەیە بە فکرم دادێ، ئەوجە دەمبا کو چوومە دختۆری کو دختۆر پێچای کو دووریان، شەڕەکەم کردییە لەگەل برادەرەکی لە مەکتەبێ، لە ئەثنای قیرائە ئەو حالەتەم لە بۆ دێ، لۆ؟ دەبا سورەتی ناس بخینین (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ، مَلِكِ النَّاسِ) (الناس ٢،١)،

ناسه ها هەمووی، (إِلَهِ النَّاسِ)(الناس٣)، جنی تێدا نییه، بزانن سێ جار ئیستیعاذه دەکا له ناس، (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ *مَلِكِ النَّاسِ*إِلَهِ النَّاسِ*مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ) (الناس ١،٢،٤،٣)ناسه وەسوەسەی دەکا له داخیل، (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ)، گۆتیتی جن؟ (مَلِكِ النَّاسِ) جنی تێدا نییه دیسان؟، (إِلَهِ النَّاسِ*مِن شَرِّ الْوَسْوَاسِ)، له ئەخیری جاری ئەخیریش تیکراڕ دەکاتەوە، (مِنَ الْجِنَّةِ وَ النَّاسِ)(الناس٦)، واضحه؟ فه لۆیه ئەحداثی تاریخیمان ذیکرەیاتمان که دەچیه سەر قیرائه ئا ئەو حالەته دروست دەکا کێ؟ ناسەکه، کێ دروستی دەکا؟ ناسەکه کیهانمان وەکو عەوام گۆتەنی شەیطانمان به چاوی خۆمان دیتیه، وەنییه؟ ناسه، عیلمەن ناسەکه شەیطان نییه ها، ئەمما شەیطان ئەو ناسەی دەکاته مەسرەح، بەوی بتانی ئیخفالمان کا.

لۆیه مەثەلەن کابرا گەنجه دەیەوێ شەو هەلدەستی قیرائه بکا، فکری ناچته سەر ئەفلامی خیلاعی و پۆسکۆرتاتی خیلاعی، فکری ناچته لای سینەما فەساد الدین نەء، ئا ئەو ناسه فکری سەحب دەکا دەیبا دووری دەیێخی لەو قیرائەیه، موحتەمەله هەستایه لەبۆ قیرائەکردن نیو سەعاته تەماشا دەکەی، موحتەمەله سێ چار لەحظه بەو قیرائەیه خەریك بووبی، لۆیه لەو ئەثنایەی قیممەی صیراعه لەگەل شەیطان، هەتا فیعلەن بەو تەمرین کردنه لەسەر حەلەبەی موصارەعه ئەو ذاته له شەیطان دەباتەوە، مەصرەحەکەش ناسەکەیه، که بردیەوە نیو سەعات هەستا لەبۆ قیرائه، بلێین پێنج دەققه تانی له شەیطانی بباتەوە، با بیست و پێنج دەقیقه لۆ شەیطانی بی قەیدی ناکا، دەی بەو نەوعەی تەمرین دەکا، دەی سەبر سەبر وەی لێدێ چارێگەك لۆ خۆیتی چارێگەك لۆ شەیطانه، زیاتر دەی قەناعەتتان هەبی وەیلێدێ که له خەو هەڵدەستی شەیطان نییه، بەس خوا مەوجوودە، حەرەکه دەکا(تحت ريعاية الله وعيناية الله وألطاف الله)، تەمرینی دەوێ.

فەلۆیه کیتاب خیندن ئەو حالەته دروست ناکا، قورئان خیندن ئەو حالەتەی دروست نەکردییه، قورئان خیندن ها چەند جار ئەمه قورئانمان من ألفيها إلى يائها خەتم کردییه وانییه جەماعەت؟ چەند جار خەتممان کردییه قورئان زۆر جار، خاصەتەن ئەو برایانەی که قەدیمن زۆرجار قورئانمان خیندییه، ئەمما لەبەر ئەوەی ئەو داخیله ئیستیعدادی وەرگرتنی ئەو قورئانەی نییه، لۆیه تەماس و ئیرتیباط لەگەل قورئان دروست نابی، هەتا داخیلەکه ئیعداد نەکرێ، فه لۆیه حەز دەکەم ئا ئەو هەموو موقەدیمەیه بپرسم، ئەوەی مواکبەی ئەو حالەتەی کردبی له داخیلی خۆی ئیحساس به تەغیری کردییه یان نا؟ ئەوه سوئالەکەیه، ئەوەی رجائەن بەبێ ئەوەی ئیحراج هەبی، ئەوەی ئیحساس به تەغیر دەکا حەز دەکەم دەستی برند کا، ئەوەی ئیحساسی نەکردییه لۆ ئیحساس ناکا؟ چونکی هەمووومان موتەفیقین ئەو برایانەی که مەوجوود بوون قەدیمەن، دەرسەکانی مه درسی

ثەقافی نییە، دەرسی وەعی نییە، ئەوە دەرسەکە کو ئیمان دروست دەبی کو خوای پێ دەناسین، ئەگەر ئەوە چاردە پازدە دەرسە قیچەك خواشمان نەناسیبی قیچەك لە خواش نزیك نەبوو بین، خەلەلمان تێدا هەیە، موراجەعەی خۆمان بکەین، باوەکی کابرای تاجیرمان لێنەیێ، هەر خەسارەت بکا و هەر گێ نەداتێ، هەر خەسارەت بکا و هەر گێ نەداتێ، پاشان ڕۆژەك دێ ئیفلاس دەکا هیچی پێ نامینێ، دەبی دەرۆزەی بکا با ئەمەش وەکی کابرای تاجیرمان لێنەیێ، فە رەجائەن ئەوەی موتابەعەی ئەو حالەتەی کردبی ئەعراضەکانی لە داخیلی خۆی ئیحساسی پێ کردبی حەزدەکەم دەستی بلند کا، وە ئەوەی موتابەعەی کردییە و ئیحساسیشی پێ نەکردییە ئەویش دەستی بلند بکا و بشلێ وە نییە وە لۆ؟ ئەو بلێ لۆ وەم لێ نەهاتییە؟ نازانم ئەو حەقەی بدەمە خۆم لە بۆ ئەو سوئال کردنە یان نا، ڕازینە بەو سوئالەی؟ بەڵێ ریاء... باشە بکەینە ئیقتراحەکەی وەی لێبکەین، دەرسی دادێ هەر برایەك لە قیچە وەرەقەکی گچکۆکە حالەتەکەی خۆی شەرح کا، ناویشی لەسەر نەنووسی، مەعقولە ئەوە؟.

سوئالی دووەم ئەوجە، ئەوەی کە هەلدەستی ئەو قیرائەیەی دەکا، ئیحساس بە ئەعراض ناکا ئیحساس بە تەغیر ناکا لە داخیلی خۆی، دەکرێ ئەو بپرسی جوابی بدەینەوە ئەگەر حەز بکا وەکی ئەو برایە گۆتەنی ئەگەر حەزیش ناکا با لە وەرەقەکی بنووسی، دەرسی دادێ ئەویش دەخینین، کەس هەیە موعاناتی هەبی؟، حەز بکا شەفەهییەن طەرحی کا؟ نییە، با ئەوەش بمینێتە دەرسی دادێ، ئەویش کەتبی بنووسرێ إن شاءالله، بزانین سەبەبی نەگەیشتنی ئائەو ئەعراضانە، نەگەیشتنی ئەو ئەحاسیسانە، کابرا تەمرین بکا دە حەفتە تەمرینی ڕەباعی حەتمەن دەبی هەر هیچ نەبی سی کیلۆی هەر پێ هەلبگیرێ وانییە؟ ئەگەر پێی هەلنەگیرێ دەبی موراجەعەی خۆی بکا، ئەوەش تەمرینە بەلێ ئەوە ئەو.

عیتابەکی خەفیفم هەیە، لە بەعضە جێیان ئەو برایانەی کە لێرە مەوجودن، ئەوجە موباشیر یا لە خزمەتیانین بە ڕێی کاسێتات، لەڕێی تەسجیلات دێن کاسێت دەبەن، کاسێتی ئەو دەرسانە ئەو دەرسانە ثەقافییەن وەردەگرن لە مێشکیان طەبع دەکەن، دەچن قیچ قیچ لە ناو مەجموعە گەنجان بەحسی دەکەن، بە داخەوە ئەو برایە خودا إن شاءالله حفظی بکا لە شەیطان، شەیاطینی ئینس پاشان شەیاطینی جن، موحتەمەلە ئەو برایە نەیتانیبی هەضمی مەوضوعی کردبی، لۆیە کە مەوضوعی طەرح کردییە لە بۆ ئەو بەعضە ئەو طەلەبانە، موحتەمەلە لە عومر لەمە گچکەتر بن، لە مستەوا نەتانن لەمە بەقەد مە ئیستیعاب بکەن، لۆیە لە بەعضە جێیان لە بەعضە مزگەفتان، لە هەولێرێ بوویتە ئیشکال.

مەثەلەن برايەك كەتتە فتوا دان فتواى دايە...جارێ مادەم ئەمە ئيمانمان نەگەيشتتە ئەو مستەوايە، نويژمان لۆ چييە؟!، بەلێ ياخود ئەوەى گێم لێ بوو، بەعضە برايەك لە جياتى واقعييەت و حەقيقەتى وجودى لە ناو بيئەك، ئيسلام و ئيمانى ئينسيحابى كرديية لەبۆ بەعضە جێى دى، وەكو تەكيه بلێين با زياتر صەريح بين، بەلێ فە بەمن ئەو حالەتە ئا ئەو وەضعەى ئەو برايە دەيگاتێ، حالەك نەخۆشييە ئەوە نەخۆشيە، چونكى حالەى صحى سەلامەتى و تەندروستى ئەعراضى خۆى هەيە، حالەى نەخۆشيش ئەعراضى خۆى هەيە، ئەگەر هات نەخۆشى ئەعراضى خۆى نەبى، مەثەلەن پياو شەخص لۆ ددانى دێشى؟ ئەو ئێشە گلۆپى سۆرە لۆوەى بچتە دختۆرى، لۆ زگى دێشى؟ خودا لۆيە وەى كرديية ئەلەم ببى، لۆوەى ئيحساس بە حالە نەخۆشيەكەى بكا، ئەو قەساوەتەى كە ئەمە هەمانە لە داخيل بەرامبەر قورئان آيات الله، لەذەتى لێ ناكەين، ئيرتياحمان لۆ دروست نابى بەذكرى خواى، ئينشيراحمان نييە، ئيطميئنانمان نييە، ئەوانە هەمووى ئەعراضى نەخۆشينە لە داخيل، ماعەداى ئەوەى والعياذ بالله لە نەخۆشى دى داخيل، وەكو حەسادەت وەكو رياء ئەو برايە بەحسى كرد، خوا مۆفەقى كا، خوا لێى بە دوور بێخى يارەبى، وەكو كبر وەكو غرور سوء الظن، ئەوانە هەمووى نەخۆشى داخيلين، ئەعراضيشيان هەيە نيشانەيان هەيە.

فە ئەگەر هاتوو ئەو حالەتانەى كە لێرە بەحس دەكرێ، بە قەناعەتى خۆم تەطبيق بكرێ، كما هو، حەتمەن ئەثەرى وە فاعيلييەتى ئيجابى هەيە، ئەمما ئەگەر هاتوو مەعكوس بوو، حەتمەن ئەثەرى سلبى هەيە، پێشى وى پێشى چەند دەرسەك، بەحسى دختۆرمان كرد گۆتمان ئەگەر ئەمن نەخۆش بم چوومە كن دكتۆرى، دكتۆر تەشخيصى نەخۆشى منى كرد، عيلاجم لۆ دادەنێ، دەچمە كن صەيدەلانى عيلاجەكەى وەردەگرم، كابراى صەيدەلانى دوو شتم پێ دەلێ، دەلێ كاكە ئەوە حەبە جەمێ قلەكى دەخۆى، هەر جەم يەك قلى دەخۆى، كابراى صەيدەلانى زيرەكە دوو شتم فێر دەكا، يەكەمين زەمان پاشان كەممييە، ئا ئەو شووشە كە حەبى تێدايە، ئەگەر جەنابم چوومە مارێ دۆلكەكم لە پێشە خۆ دانا هەمووم بەيەك جەمى قووتدا، ئەگەر هەمووشمان نەبى ئەغلەبمان لە سەر ئەو فيكرەينە، ئەمن تووشى تەسەموم دەبم، وەيە يان نا؟ دەبى بمبەنە طەوارىء غەسلى مەعيدەم لۆ بكەن، عيلمەن خۆ دختۆر گۆتى: ئەوە عيلاجتە، فيعلەن عيلاجيشە لە بۆ من، ئەمما لە جياتى بە قسەى كابراى صەيدەلى بكەم، لە جياتى جەمێ حەبەك، بەيەك جەم (٣٠) سى حەبم خوارد، وەيە يان نا؟ ئەوە خەلەل دروست دەكا حەتمەن، لە جياتى ئەوەى ببتە دەرمان بووە دەرد لێم، ئەگەر هاتوو لە جياتى جەمێ يەك حەب بخۆم، سێ جەمان حەبەكى بخۆم، ئيستيفادەى لێ دەكەم؟ نەء.

ئيذەن تەطبيقى ئەو قانونەى كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەگەل صەحابەى كيرام رضوان الله عليهم، تەطبيقيان دەكرد ئەوە ثەمەرەى بوو، جوهد لەگەل زەمان لە بۆ تەمرين، ئەوجە ئەو ئينتاجەى

بوو، ئەگەر ئەمەش بەنەفسی ئسلوب نەفسی جهود صەڕف بکەین، نەفسی ثەمەرەمان دەبی، ئەگەر نەبوو بەڵێ شووشەی دەرمانەکەی نەفسی شووشەی دەرمانی وانە، ئەمما ئەمە هەموو پێکەوە قووت دەدەین، قورئان هەمووی بە یەك مانگی خەتم دەکەین، ئەو سەر و ئەو سەری، جار و بار مەثەلەن بیست دەقیقەیە لە خزمەت قورئانیمە، ئەگەر دوو دەقیقە فکرم لەکن خۆم بی، بزانم ئەو ئایەتە چ دەرێ، نەخۆ چاوم لە سەر قوڕئانییە دەشخینم بە زمان، ئەمما فکرم ڕۆیشتییە، زۆریمان وەینە یان نا؟ ئەوجە ئەگەر لە قورئانی وەبین فە کەیفە لە ناو نوێژێ، وەیە یان نا؟ نۆێژیش وەکی دەلێین الله أکبر لە نوێژێ دەردەچین، ئەوجە سەفەڕاتە ئەوجە مەشاکیلە ئەوجە فیتەنە ئەوجە... الی أخرە، هەمووی خەلەلە، فە لۆیە تەمرین کردنەکە، (کما فعلە أبابکر و مصعب و عبدالرحمن بن عوف)، وەکی وان بکەین ئەمەش نەفسی ئینتاجمان دەبی.

بەڵێ ئەگەر هاتوو ئیمان دروست بوو، وە لەو کەمیش، وە لەوە کەم جوزئی، بلێین جارێ فیطرەیە نەبوویتە فوئادیش، کە دروستبوو دەفعەك هەیە لەو ئینسانەی لەبۆ طاعەت کردن، دەفعەك نەوعی پال بە ئینسان وەدەنێ، مەثەلەن حەزی لە پێشترێ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، دەیفەرموو: بە نوێژ (« يَا بِلاَلُ أَقِمِ الصَّلاَةَ أَرِحْنَا بِهَا »أبو داود)، مورتاحمان کە بە نوێژ، ئەمما ئێستا دەلێین (ارحنا منها یا بلال) زوو قورتارمانکە لە نوێژەکەی، ئها حەتتا عەوامی خۆمان، بچم نوێژەکەی لەکۆرکەم، کأنە سواری ملی بووە نوێژ، عیلمەن ئەگەر ئیمان برند بی دەگاتە ئەو مستەوایەی، (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلی الله علیه وسلم « وَجُعِلَتْ قُرَّةُ عَيْنِى فِى الصَّلاَةِ »النسائی.)، وەکو مامۆستا پێش نوێژمان لۆ بکا، کو ئینسانەك لەگەر ڕەئیس جمهوری کورەی ئەرض بچتە لیقاء، وە بەس لیقائەکەی لەگەل بکا، هەرچی بیەوێ لە ئیمارات لە وزارات لە کچی جوان، لە فولان و فولان و فولان، هەمووی لە بۆ تەئمین دەکا ئەو ڕەئیس جمهورە، قەناعەتتان هەبی خوا لەوی گەورەترە، وە قەناعەتتان هەبی ئا ئەوهاش لیقائە، ئەگەر ئەوە جائیز بی تەمثیل کردن، فە لۆیە بە واسطەی ئا ئەو معرفة الله و ئەسمائە و ئەفعالە، دەفعەك نەوعی دروست دەبی لە بۆ طاعەت کردن، دەفعەك نەوعی کەینێ ئەو دەفعە نەوعییە نەبوو، حالەی مەرەضەیە دەبی ئینسان موراجەعەی خۆی بکا.

موحتەمەلە بەعضە جار لە بەعضە طاعات وەکو مەثەلەن: نۆێژ، بلێین نوێژی بەیانیان، ئینسان خەوی لێ بکەوی تاخیر هەستی، ئەو تاخیر هەستانە ئیعادەت تەرتیبی داخیلی موحتەمەلە لەگەل بی، ئەمما بەو نەوعەی نییە، چونکی ئەمە ئیحتیاجمان بە سەعاتیش نییە لە بۆ تەرتیبی زەمەنی طاعات، مەخلوقات هەمووی لە ئەثنای فەرض بوونی زەمانی نوێژ هەمووی نوێژ دەکەن، کێ هەیە مولاحەظەی بانگدانی کەلەبابی نەکردبی، خاصەتەن ئەو فەترەیە، خەڵك فەقیر بووە زۆری حەیوانات و مریشك و ئەوانە بەخێو دەکا، تەیر و توار بەخێو دەکا، لە داخیلی ئینسان قەناعەتتان

هەبی جیهازەکی ئەوها هەیە، کە وەختی نوێژ دێ ئیعلامی دەکا، هەتا کوفر پێی زانییە، ناوی نایە الساعة البایولوجیة، کوفر ئەوەی پێزانییە لە بۆ خۆی تەوظیفی کردییە، ناوی لێنایە الساعة البایولوجیة، سەعاتە.

فە ئەگەر لە داخیل ئیستیعداد هەبی بیناء هەبی لە بۆ طاعات خاصەتەن لە بۆ فەرائیض یەکسەر ئەو ئینسانە ئیعلام دەکرێ، ماعەدای وەی باری تەعالا جوملەك لە مەخلوقاتی هەیە زۆر لەطیفن زۆر نەجیبن، ناویان چییە؟ مەلائیکەت، مەلائیکەتی خاص هەیە وەلی ئائەو موسولمانەیە، ئەو موئمینەیە، خاصەتەن لە بۆ طاعەت و عیبادەت کردن، منها الصلاة، نوێژ.

موسولمانەك پێشی فەترەك هاتبوو بەحسی خۆی دەکرد، کە وەختی عیبادەتی هەیە شەوان هەردەستی، گۆتی: لەو شەوانە کارەباشیان هەبووە لە مالێ، گۆتی: لەو وەقتەی کە هەلدەستام شەوەك هەلنەستام، تەقصیر لە خۆم بوو شەوەکی دی حوکمم لەخۆم کرد، ئەوشەو مادەم وایە، شەوی پێشترێ هەر نەستایمە، موحاسەبەی خۆم دەکەم، ئەوشەو لە عەمدی شەیطان نانووم، ماندیشە هیلاکە،تومەز سەری دەکەوتە سەر بالیفی و خەوی لێ دەکەوی، لەو وەقتەی کە داینایە هەلبستی سەعاتیشی نییە لە مارێ، گوتی: هەر هەندەم زانی جەڕەسی دەرکەی لێدرا، بەینی خۆی و بەینی دەرکەی دوو شەقاوە سێ شەقاوە، دەرکەی دەرێ نەعلم لە پێکرد و دەرکەم کردەوە، تەماشا دەکەم کەس نییە، سەعات سێی شەوێش، ئەوجە ئەو فەقیرەی ترسا بوو لەوی وابی جنە، ئەمما عیلمەن باری تەعالا ئایاتی هەیە، (إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُواوَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ) (فصلت : ٣٠) (فصلت ٣٠) كلمة (ولي) المعين، النصير، الصاحب، الصديق. قەناعەتتان هەبی مەلائیکەت دێ لە دەرکەی دەدا، مەلائیکەت دێ حەڕەکە بە دەست و جسمی ئینساکەی دەکا، ئیحساسی پێدەکا ئەو شەخصە، کە هەردەستی تەماشا دەکا ئەوە وەڵلاهی وەقتە تاخیر بوویمە، بەس تەقوا هەبی بەس ئیڕادە هەبی. طەبعەن ناوی جنم لۆیە هینا، چونکی جن ئەصلی نییە لە حەیاتی مە، جن ئەصلی نییە لەحەیاتی مە بەتاتەن، عیلاقەی مە بەس لەگەل مەلائیکەتان هەیە فەقەط، جوملەك شت هەیە تەڕویض دەکرێ لە ناو مێشکی گەنجان، ئەوە هیچ یەك ئەصلی نییە بەتاتەن، قورئان ئەوها دەفەرمی با شێخ فولانی سعودیش وەنەلێ، ئەوە ئەوها دەفەرمی، فە لۆیە ئەمە عیلاقەمان لەگەل مەلائیکەت هەیە، بل بالأحری صەحیح تر ئەوەیە ئەمە ئیمانمان بە مەلائیکەت هەیە، لۆیە ئائەوەش ئیشی مەلائیکەتە فیعلەن ئەگەر ئیستیعداد هەبی لە داخیل لەبۆ طاعەتی خوای بە حقیقەت، وە تەمرینکردن لە سەر ئەو حالەتەی، عیلاقەك نەوعی بەینی ئائەو

موئمینە لەگەڵ ئەو مەلائیکەتەی دروست دەبی، فیعلەن مەلائیکەتەکە دەبتە صاحیب و صەدیق و موعین و نەصیری، قەناعەتتان هەبی زۆرجار مەلائیکەت نەصیحەتی ئینسان دەکا، ئاگاداری دەکا.

کو مەثەلەن: دوو برادەر بە ڕێگای دابڕۆن یەکەکیان قەدەرەن چاوی چووقاندبوو، گەیشتنە سەر بیرەکی، یەکسەر ئەوی دی تەنبیهی دەکا، کورە ئاگات لێبی ئەوە بیرە، قەناعەتتان هەبی مەلائیکەتیش بە نیسبەت گوناە لەبۆ موسوڵمان ئا ئەوهایە، ئەوها دەبتە عەونی موسوڵمانان مەلائیکەت ئیستیقالەی نەدایە، بەس لە غەزوەی بەدر هاتە خوارێ و ئێستا خواحافیزی کردبی، نەخێر مەوجوودە لە حەیاتمان ڕیعایەتمان دەکا، عینایەتمان دەکا، لەگەڵمانن زۆرجاریش دوعامان لۆ دەکا، ئیستیغفارمان لۆ دەکا، (وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا)(الغافر٧) وە هەر وەقتەکی هەر تەکاسولەك لە هەر طاعەتەك فەرض بی یان سوننەت بی، مەثەلەن: نوێژی جەماعەت هەر وەقتەك ئینسان لە داخیلی خۆی ئیحساسی بەوەی کرد تەکاسولی هەیە، لەبۆ ئەدائی ئائەو وظیفەتە، موڕاجەعەی خۆی بکا، ئائەوە لە شەیطانە ئەوە لە شەیطانە.